


---

# 2/2023 NEWSLETTER ٢٠٢٣/٢

---

- ئێمە وەک دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی ئەم هەواڵنامەیەتان پێشکەش دەکەین – هەروەک ماڵپەڕەکەمان – بە چوار وەشانی جیاواز:
- Deutsch https://www.jemal-nebez-stiftung.org/Deutsch/Newsletter
- English https://www.jemal-nebez-stiftung.org/English/Newsletter
- کوردی https://www.jemal-nebez-stiftung.org/pid_697244
- Kurdî https://www.jemal-nebez-stiftung.org/Kurd/Newsletter-Kurd

- ئێمە بۆ ڕێزلێنان لە جەمال نەبەز وەک دەزگەیەک کە لەلایەن کوردەوەو بۆ کورد دامەزراوە، بنەڕەتمان لەسەر کار و ژیانی ئەو بنیات ناوە، کە دەمانەوێت بیپارێزین و بە فراوانی بیخەینەڕوو.
- ئێمە ڕێکخراوەیەکی یاسایین و لەڕووی سیاسییەوە سەربەخۆین و سەر بە هیچ حیزبێک نین. لیژنەکانمان بە شێوەی خۆبەخشانە کاردەکەن. بۆ پرۆژەکانمان و پلاندانان پشت بە یارمەتی و بەخشین دەبەستین.
- ئێمە بەپێی یاساکانی ئەڵمانیا وەک دەزگەیەکی قازانج نەویست ناسراوین. ئەو بەخشینانەی کە وەریدەگرین بەپێی یاساکان خەرج دەکرێن و ئاشکرا دەکرێن.

---

## هاوڕێیانی خۆشەویستی دامەزراوەی جەمال نەبەز، کوردانی ئازیز

ئێستا نیوەی یەکەمی ساڵ کۆتایی هاتووە. لە هەواڵنامەی ژمارە ١ی نەورۆزدا، تیشکمان خستە سەر کولتوری کوردی و هاوکات خۆشحاڵ بووین کە کۆمیسیۆنی خەڵاتی JNS توانی زارا محەمەدی وەک براوەیەکی شایستەی یەکەمین خەڵاتی زانستی دەستنیشان بکات.

دووهەمین ژمارەی هەواڵنامەی ٢٠٢٣مان سێ دەقی بڵاوکراوە لە ماڵپەڕەکەماندا لەخۆ دەگرێت: دەقێک لە خوارەوە بە سەردێری ١٤ ڕۆژ بەرلە هەڵبژاردنەکانی تورکیا!

پاشان نووسراوەیەکی نوێ وەک پێشەکییەک بۆ بابەتەکە و دواتر وتارێک لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی تورکیا لە خۆ دەگرێت و لە کۆتاییدا لە سەرەوە، ڕوانگەی ئێمە لەسەر کۆبوونەوەی لوتکەی ئەم دواییەی ناتۆ لە شاری ڤیلنیۆس دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەران.

دیارە ئەوەی لەو دەقانەدا دەگوترێ، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی قووڵتر هەیە، چ لەسەر مێژووی دابەشبوونی کوردستان لە ئەنجامی جەنگی جیهانی یەکەم و چ لەسەر سیاسەتی جینۆساید دژ بە کورد کە لەم مێژووەدا لە هەموو بەشەکانی کوردستان و هەروەها شوێنەکانی دیکەی نێو دەوڵەتانی خاوەن پشک لە کوردستان زیاتر پەرەی سەندووە، کە هەر زوو لە چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتیشدا دژی کورد پراکتیزە کراوە.

بڕیارە هەواڵنامەی داهاتوومان لە پاییزدا بێت.

ئێستا ئاواتەخوازین هەمووان لەم کاتە ترسناکانەدا بە تەندروستی و متمانە بەخۆبوونی زیاترەوە بەردەوام بین. شایانی باسە کە لە ١٩ی ئابی ئەمساڵ "ڕۆژی دەرگای کراوە"مان هەیە، ئەمجارەیان بەبێ بەرنامە. تکایە سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکەن بۆ زانینی وردەکاری و ناونیشان و ناو تۆمارکردن.

**سەبارەت بە کۆبوونەوەی لوتکەی ناتۆ لە تەمموزی 2023 لە ڤیلنیۆس**

## ماوەیەکی کەم پێش دەستپێکردن، ئەردۆغان جارێکی دیکە ئاستی داواکارییەکانی بردە سەرترەوە

ئەوەی کە ئەردۆغان دەستبەرداری بایکۆتی سوید بوو بۆ پەیوەست بوون بە ئەندامەتی ناتۆ، گرنگترین پرس بوو بۆ ستۆڵتنبێرگی بەرپرسی گشتی ناتۆ. کاتێک پرسیاری لێکرا، ناوبراو ئاماژەی بەوەشکرد: کە هێشتا پەسەندکردنەکە ماویەتی، بەڵام دوای ئەوەی ئەردۆغان دەستبەرداری هەڵوێستەکەی خۆی بوو بەرامبەر بە پەیوەستبوونی سوید و ڕاسپاردەی پەسەندکردنی هاوتا لە پەرلەمانی تورکیا، هەموو ڕەهەندەکانی دیکەی ئەم پرسە بەرەو پێش دەڕوات.

## تورکیا وەک ئەندامی ناتۆ ژمارەیەکی زۆر ئیمتیازاتی وەرگرت بەهۆی وازهێنان لە هەڵوێستی ڕێگریکردن لە پەیوەست بوونی سوید

دوای ئەوەی سەرۆک کۆماری تورکیا ماوەیەکی کەم پێش سەفەرەکەی لە ئەنقەرەوە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر داواکارییەکانی لەسەر سوید و ئەمریکا و ناتۆ زیاد کردبوو (و ئێستا تەنانەت داوای کردووە کە دانوستانەکانی پەیوەستبوون بە یەکێتی ئەورووپا لەگەڵ وڵاتەکەی بەم زووانە دەست پێبکاتەوە و دواجاریش ئەندامبوون لە یەکێتی ئەورووپا)، نێوانجیگەری سکرتێری گشتی ناتۆ لە گفتوگۆکانی لە نێوان ئەردۆغان و سەرۆکوەزیرانی سوید ئولف کریستێرسۆن هەمەچەشن بوون، لە هەندێک دانیشتندا چارڵز میشێل سەرۆکی ئەنجومەنی یەکێتی ئەورووپاش ئامادەبوو. وادیارە ئەگەری ئەوە هەیە، تەنانەت بەبێ پەیوەستبوون بە یەکێتی ئەورووپا، ئیمتیازی سوودی ئابووری و سوودی دیکە بە تورکیا بدرێت کە "دەتوانێت پارەیەکی زۆری بۆ تورکیا بە دوادا بێت"، ئەمە ش لە پەیامنێرێکی ناوخۆییەوە بیستراوە. بەڵام چارڵز میشێل باسی لەوە کرد کە بڕیارێکی یەکێتی ئەورووپا بۆ ئەمە پێویستە. سەرۆک وەزیران کریستێرسۆن بە ئامادەییەوە وەڵامی پێشنیارەکەی ستۆڵتنبێرگی دایەوە کە سوید دەتوانێت یارمەتی تورکیا بکات لەم پڕۆسەی پەیوەست بوون بە یەکێتی ئەورووپاوە (چ لە پەیوەندی لەگەڵ "یەکێتی گومرگی" کە باسی لێوە دەکرێت، یان لە پەیوەند بە پەیوەستبوون بە یەکێتی ئەورووپا خۆیەوە). پەیامنێران لە ڤیلنیۆس لە وەسفی هەڵسوکەوتی سوییددا دەڵێن: سوید بەڵێنی داوە کە لە داهاتووی نزیکدا لە هەموو بوارەکاندا پشتیوانی تورکیا بکات.

ئەردۆغان لە ڤیلنیۆس ڕاستەوخۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕای لەگەڵ بایدنی سەرۆکی ئەمریکا کرد و وادیارە لەگەڵ مەوافەقەتە سەرەتاییەکەی بایدن ڕازی بوو. ئەمریکا بەم زووانە فڕۆکە جەنگییە خاوەن تەکنەلۆژییە پێشکەوتووەکانی پێویست دەگەیەنێتە تورکیا.

## ئێستا ناتۆ بۆ یەکەمجار بەرپرسی تایبەتی بۆ تیرۆریزم هەیە

لە کۆبوونەوەی لوتکەی ڤیلنیوس، ستۆڵتنبێرگی سکرتێری گشتیی ناتۆ داواکارییەکی دیکەی ئەردۆغانی مسۆگەر کرد.
ستۆڵتنبێرگ پەیامنێرانی ئاگادار کردەوە کە ئێستا ناتۆ بۆ یەکەمجار نوێنەری تایبەتی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر. ئەوە کێ دەبێت یان کێیە، باس نەکرا، هەروەها هیچ زانیارییەکی دیکەش بە ئاشکرا نەهاتە ئاراوە. بەڵام ڕەنگە ئەوە بەس بێت وەک ئاماژەیەک بۆ سەرۆکی تورکیا، کە بۆ ئەو “شەڕی پەکەکە – یەپەگە” لە ژێرناوی „شەڕ دژی تیرۆر” بابەتێکی گرنگە و بەم هۆکارە ڕێگری لە پەیوەستبوونی فینلاند (تا مانگی نیسان) و سوید (تا ڕۆژی کۆبوونەوەی لوتکەی ناتۆ)ی گرت.
**یەکەم پرسیار** کە لەم بارەوە دێتە ئاراوە ئەوەیە ئایا ناتۆ لە وەرگرتنی داواکاری تورکیای ئەندامی بۆ پاڵپشتیکردنی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە دژی هەندێک گروپی کوردی، ڕەنگە هەوڵی کەمکردنەوەی ململانێکان بدات؟

**هەروەها پرسیاریکی دیکە ئەوەیە** کە چ پاڵنەریک پێویستە بۆ دووپاتکردنەوە و ناساندنی گۆڕانکارییە نوێکان لە یاسای نێودەوڵەتیدا لەو بەستێنانەی کە کاریگەرییان لەسەر نەتەوەی کولتووری کورد هەیە لە کوردستان و شوێنەکانی دیکە، کە لە لایەن دەوڵەتەوە بە پێچەوانەی ویستی ئەوانەوە دابەش کراوە. نەک تەنها لە یاسای نێودەوڵەتیدا، بەڵکوو سەبارەت بە گەشەپێدانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی یان سەرروو نەتەوەییەکانیش، و لە کۆتاییدا سەبارەت بە پێشهاتە ڕێنماییکراوە یاساییە کان لە هەموو بوارەکانی دیکەشدا.

**لە کۆتاییدا پرسیار ئەوەیە** کە کوردە زیانلێکەوتووەکان دەتوانن لە چوارچێوەی ژیانی خۆیان - بە مانای نەتەوە - کولتووری نێو ئەو دەوڵەتانەی کە تێیدا دابەش کراون — لە ڕێگەی کام پێشنیاری داهێنەرانەوە بەشداری بکەن؟

## هاوڕێیانی خۆشەویستی دامەزراوەی جەمال نەبەز!

دەکرێت زۆر باش بێت کە ئە م پرسیارە یەکەمانە زۆر زیاتر - و باشتر! — پەرەپێبدرێن. پاشان ئەمە دەتوانێت یەکەم پرۆژەی توێژینەوەی ڕاستەقینەی دەزگەی جەمال نەبەز بێت.

ئامانج هاندانی بیرکردنەوە و کردەوەی نوێیە لەسەر هەموو ئاستە دامەزراوەییەکان کە گونجاو بن بۆ سووککردنی ئەو دۆخە دژوارەی ئێستا بۆ کورد - لە کوردستان و شوێنەکانی دیکە - کە لە 100 ساڵ سیاسەتی جینۆسایددا سەریهەڵداوە.

هەنگاو بە هەنگاو و پشوو درێژانە و لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی توێژینەوەی بەنرخ بەردەوام دەبین.

-------

**ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠٢٣ لە تورکیا**

## مانەوەی ئەردۆغان لە پۆستەکەیدا و دەستنیشان کردنی چەند وەزیرێکی بەڕەچەڵەک کورد. کوردانی تورکیا خوازیاری مافی دیارکردنی چارەنووسی خۆیانن.

پاش ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠٢٣ لە تورکیا و سەرۆککۆماری کۆنەپەرست

مانەوەی ئەردۆغان بۆ ماوەی پێنج ساڵ سەرلەنوێ درێژکرایەوە و ڕایگەیاند کە خۆیشی بۆ خولی داهاتوو ئامادە دەکات.

کابینەی نوێی ئەردۆغان لە ڕواڵەتدا چەشنێک هیوا بە میانڕەوی دروست دەکات. ئایا ئەوە دەتوانێت بە مانای گۆڕینی ڕێڕەوی تا ئێستا بێت! ئەگەر وایە، بۆ چ ماوەیەکە، ڕوون نییە.

لەو سیستمە سەرۆکایەتییەی کە ئەردۆغان بۆ خۆی دایڕشتووە، هەموو دەرفەتێکی هەیە بۆ دانانی ڕێڕەوی تورکیا سەبارەت بە کابینە نوێیەکەی، پێدەچێت دانانی دوو پۆست لە دەرەوەی وڵات سەرنجی تایبەتی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. ئەویش دانانی مەهمەت شیمشەک وەک وەزیری دارایی (کە دەشێت ڕێڕەوێکی نوێ لە بەرەنگاربوونەوەی هەڵاوساندا دیاری بکات) و پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار لەگەڵ جەودەت یڵماز، ڕواڵەتێکی دێرین بۆ دامەزراندنی پسپۆڕانی ئابووری و بەرپرسیارێتی بوژاندنەوەی ئابووری قەیراناوی تورکیا. دیاری کردنی هەر دووک کەسەکە بۆ وەرگرتنەوەی متمانەی لەدەستچووی بازاڕەکانی دەرەوە لە تورکیا وەک شوێنێکی بازرگانی گونجاو دێتە بەرچاو، بەڵام ئەم ئامانجە پێویستی بە ژینگەیەکی سەقامگیریش هەیە.

ئەگەر ناوچە کوردنشینەکان کە دوای شەڕوپێکدادانەکانی ساڵی ٢٠١٥ پشتگوێ خران، گرنگییەکی بەرچاوی ئابوورییان پێ بدرێت و ڕێگەی بەشداری لە بوژاندنەوەی وڵاتەکەیان پێ بدرێت، لەوانەش هاوکاری و بوژانەوەی بنەڕەتی ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکان، نەک هەر ئابووریی وڵاتەکە زیندوو دەبووەوە، بەڵکو پرسی نادادپەروەرییە درێژخایەنەکانی رابوردووش بە پرسێکی جیددی وەردەگیرێت بۆ ئاوڕدانەوە لێیان. هەروەها ئەوە سەرەتایەکی باش دەبێت بەگشتی بۆ وەرگرتنەوەی متمانە بە تورکیا وەک شوێنێکی بازرگانی لەودیو سنوورەکانەوە، کە وادیارە ئەردۆغان هەوڵی ئەوە دەدات، واتە ئەو شتەی تا ئێستا لەدەستیداوە.

لە شێوازی بانگەشەی هەڵبژاردن و لە شەڕی جێبەجێکردنی ئەو سیستەمە سەرۆکایەتییەی کە خۆی ویستبووی، ئەردۆغان پشتی بە جەمسەرگیری و ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامی نوێ بەستبوو. چما ساڵانێک لە وەزارەتی ناوخۆ ئاژاوەگێڕێکی دڵسۆزی هەبوو: سولەیمان سۆیلو.

سۆیلو کە لەلای تورکە نەتەوەپەرستەکانی ناسراو بە گورگە بۆرەکان جەماوەری بوو، دوای هەوڵی کودەتاکە لە ساڵی ٢٠١٦دا، نەیارانی جۆراوجۆری حکوومەتی بە توندی سەرکوت کرد و بەردەوام ڕێبازێکی سەرکوتکەرانەی تایبەتی لە دژی کورد پەیرەو دەکرد. لەبری ئەوەی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا هێرشەکان بۆ سەر سیاسەتمەدارانی ئۆپۆزسیۆن ئیدانە بکات، هەڕەشەی "پان کردنەوە لە ژێر پێ"ی ئۆپۆزسیۆنی کردبوو. هەروەها گومانی خستە سەر شەرعیەتی هەڵبژاردنەکان و بانگەشەی ئەوەی کرد کە سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن بە مانای "هەوڵدانی کودەتای ڕۆژئاوایە ."

وەزیری نوێی ناوخۆ، عەلی یەرلیکایا، ئەزموونێکی زۆری هەیە کاتێک باس لە بەڕێوەبردنی شارە گەورەکان و شارۆچکەکان دەکات. بە دڵسۆز بۆ ئەردۆغان دادەنرێت. لە هەر حاڵەتێکدا وەک سازشکار دەردەکەوێت. وەک وەزیری ناوخۆیەکی ٥٤ ساڵە کاتێک دەست بەکار بوو ڕایگەیاند کە پابەندی " سەروەری یاسا و مافەکانی مرۆڤ"ە .

ئەمەش ئاڕادەیەک ئومێد دەبەخشێت بە ڕێبازێکی کەمتر سەرکوتکەر بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆن لە تورکیا

## حوزەیرانی ٢٠١٥ لەبیرنەکراو

هێڵی توندی دژ بە ئۆپۆزسیۆن پەیوەندی بە هەڵبژاردنی خاو و کەم گیانی پارتی داد و گەشەپێدان لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٥دا هەبوو. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە ڕۆڵی سەرۆکی ئاکەپەی دەگرتەوە کە هەوڵی دەدا پلانەکەی بۆ گۆڕینی تورکیا بۆ سیستەمێکی سەرۆکایەتی کە بەپێی پێویستییەکانی خۆی بگونجێت بەرەو پێشەوە بچێت. ئێستا ئەو ڕووبەڕووی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزتر بووەتەوە. نەیارانی ئاگاداری شکستی وتووێژەکانی ئاشتی ئەوان لەگەڵ پارتی قەدەغەکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە بوون. دوای ئەوەی دانوستانەکانی ئاشتیی لەگەڵ پارتەکەدا پچڕاند، کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕاستڕەوی سەرسەخت پێشوازییان لێکرد، پێکدادانێکی خوێناوی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا سەرلەنوێ سەریهەڵدا، کە بووە هۆی داخستنی ڕێگاوبان و جێگیرکردنی تانکەکان. ئەمەش یادەوەری ناخۆشی لای دانیشتوانی ئەوێ لە شەڕی دژی پەکەکە لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکاندا وەبیرهێنایەوە. هەروەها ئەو دەستێوەردانە سەربازییانە بیرەوەریی کارەساتەکانی وەکوو جینۆسایدی دەرسیم لە کۆتاییەکانی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا زیندوو کردەوە. هیچ هۆکارێک بۆ پچڕاندنی هەوڵی گەیشتن بە ئاشتییەکی دادپەروەرانە نەخراوەتەڕوو، ئەمەش دۆخەکەی خراپتر کرد. بڕیارە تاکتیکییەکەی ئەردۆغان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە مانگی تشرینی دووەمی ئەو ساڵەدا توانی بەخێرایی قەرەبووی شکستی مانگی حوزەیرانی هەڵبژاردن بکاتەوە و زۆرینەی ڕەها بەدەستبهێنێتەوە، بەڵام کێشە چارەسەرنەکراوەکانی دژایەتی و ڕەخنەگرتن لێی هەر مایەوە.

## خاڵی وەرچەرخانێک بۆ کورد لە تورکیا

هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٥ پێشکەوتنی بۆ هەدەپەی لایەنگری کورد هێنایە ئاراوە. ئەوە یەکەمجار بوو کە پارتێکی کوردی توانی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا سەرکەوێت بۆ ئەوەی لە "ئەنجوومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیا" وەربگیردرێت. ئەو توانیبووی بەبێ هیچ کێشەیەک ئاستی زیاتر لە سەدا ١٠ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت. واتە پشکی ئەوان بە ڕێژەی لە سەدا 13.1 لە دەنگەکاندا تەنانەت بە شێوەیەکی بەرچاو زیاتر بوو. وەک یەکەمین پارتی لایەنگری کورد تا ئێستا، کە هەمیشە بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنی داواکارییەکانی کەمینەی کورد لە تورکیا کردووە، نەک هەر توانی بچێتە ناو "٢٥مین خولی ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیا"، بەڵکوو دواتریش توانی ڕاستەوخۆ گرووپی پەرلەمانی خۆی پێکبهێنێت. کەمترین ژمارە بۆ ئەمەش ٢٠ ئەندام پەرلەمانی هەڵبژێردراوە. هەدەپەی لایەنگری کورد لە گرووپە پەرلەمانییەکەیدا ٨٠ پەرلەمانتاری هەڵبژێردراوی هەبوو.

## یەکی تشرینی دووەمی 2015 پشتڕاستکردنەوەی سەرکەوتنەکە

لەم ڕێکەوتەشدا دیسان هەدەپەی لایەنگری کورد توانی بە ئاسانی بەربەستی هەڵبژاردنی لەسەدا دە تێپەڕێنێت، هەرچەندە بە خاڵی لەسەدی کەمتر (10.8) و کەمتر پەرلەمانتاری هەڵبژێردراوی هەدەپە (59)، بەڵام توانی گرووپی پەرلەمانی خۆی بۆ کاری پەرلەمانی پێکبهێنێت . ئەوەندەی

پەیوەندی بە ژمارەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی حزبەکانەوە هەیە، دوای هەڵبژاردنی مانگی نۆڤەمبەر تەنانەت لە پلەبەندی گرووپی پەرلەمانیشدا پلەی سێیەمی بەدەستهێنا (دوای ئاکەپە و جەهەپە، و پێش مەهەپە، کە تەنها توانی لە هەڵبژاردنی مانگی نۆڤەمبەردا 40 نوێنەر بهێنێتە ناوەوە. لە مانگی حوزەیران هەدەپە ومەهەپە هێشتا هەمان ژمارەی پەرلەمانتاری هەڵبژێردراویان لە پەرلەمان هەبوو، واتە هەریەکەیان ٨٠ پەرلەمانتار).

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی حوزەیرانی ٢٠١٨ سەرکەوتنێکی دی بۆ کورد

لەم هەڵبژاردنەدا هەدەپەی لایەنگری کورد توانی کەمێک لە دوایین ئەنجامی باشی گشتیی خۆی پێشبکەوێت و گەیشتە 11.7 دەنگدەران و 67 پەرلەمانتاری هەدەپە (بەو هۆیەشەوە تەنانەت ئەنجامێکی باشتری لە مەهەپە بەدەستهێنا کە لە هاوپەیمانی حوکمڕانییە، واتە 11.1 % لەگەڵ 49 مەهەپە هەڵبژێردراون - پەرلەمانتار). ماوەی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ تا حوزەیرانی ٢٠١٨ پڕ بوو لە تەحەددا. هەوڵی کودەتاکەی مانگی حوزەیرانی 2016 و ئەوەی دواتر لەلایەن حکومەتی ئەردۆغانەوە لەخۆگرتبوو: واتە دەستگیرکردن و لێپێچینەوەی هەزاران کورد. لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٦ دوو سەرکردایەتی هەدەپەی لایەنگری کورد، دەمیرتاش و یوکسەداق دەستگیرکران.هەروەها هێرشە نایاساییەکانی تورکیا بۆ سەر کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، بۆ ئەوە ئەردۆغان ڕەزامەندی زۆرینەی پەرلەمانی بە دەستهێنا، بەبێ ئەوەی ژمارەی فراکسیۆنی هەدەپەی لایەنگری کورد ڕۆڵێکی هەبێت. لەو ماوەیەدا ئەو سیستمە سەرۆکایەتییەی کە ئەردۆغان خوازیاری بوو، لە تورکیادا خرایە بواری جێبەجێکردنەوە. هەدەپەی لایەنگری کورد لە 20ی 1ی 2017 لە پەرلەمان دەنگی نای دا.  ڕەوتەکە بابی دڵی ئەردۆغان بەڕێوە نەچوو، لانیکەم لە پەرلەماندا. پاشان لە مانگی نیسانی ٢٠١٧ دا خرایە ڕێفراندۆمێکی گشتییەوە کە دەنگی زۆرینەی خوازراوی هێنایەوە.

## ئەردۆغان لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٣

سەرۆکی ئاکەپە چەندین جار هەڕەشەی قەدەغەکردنی هەدەپەی لایەنگری کورد دەکات بەهۆی "هاوکاری لەگەڵ تیرۆر". هەڕەشەکەی لە سەروبەندی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠٢٣دا دووپات کردەوە. دوای دوودڵییەکی زۆر، دواجار ئەو پارتە بڕیاریدا خۆی بۆ هەڵبژاردنی بیست و هەشتەمین ئەنجوومەنی گەورەی نیشتمانیی تورکیا کە لە ١٤ی ئایاری ٢٠٢٣ بەڕێوەچوو، بە ناوی هەدەپەوە خۆتان کاندید نەکەن. بەڵام  ئەندامانی هەدەپە وەک تاک بە مەرجی گونجاو دەتوانن لە ڕێگەی لیستی پارتەکانی دیکەوە خۆیان بۆ  هەڵبژاردن کاندید بکەن.
پارتی چەپی سەوزی یەسەپە لە جیاتی هەدەپە خۆی بۆ  هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ٢٠٢٣ کاندید کرد

پێش ئەوە سێ جار پارتی چەپی سەوزی یەسەپە لە هەڵبژاردن، لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠١٤ (کاتێک دەمیرتاش سیاسەتمەداری هەدەپە بۆ  هەڵبژاردن کاندید بوو) و لە دوو  هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠١٥دا پشتیوانی هەدەپەی لایەنگری کورد کردبوو. ئەم حیزبە ئەوکات هیچ کاندیدێکی تایبەت بە خۆی دیاری نەکرد.

لە مانگی ئایاری ٢٠٢٣ بە پێچەوانەوە بوو. پارتی سەوز چەپ (یەسەپە) کاندیدی خۆی خستبووە پێشەوە و پارتەکەی بۆ  هەڵبژاردن تۆمار کردبوو، هاوکات هەندێک پەرلەمانتاری هەدەپەیان خستە لیستی خۆیان بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوە. جگە لەوەش یەسەپە جێگەی هەدەپەی لایەنگری کورد لە هاوپەیمانی بۆ کار و ئازادی گرتەوە.

لە وەها هەلومەرجێکدا، پارتی چەپی سەوز YSP توانی ڕێژەی لەسەدا ٨,٨ و ٦١ پەرلەمانتار، ئاستی لەسەدا ٧ تێپەڕێنێت.

**دەرەنجام :**ئەوەی لێرە بەدوا چۆن دەڕواتە پێشەوە، دیارە پەرلەمانتارە هەڵبژێردراوەکانی کورد لە پەرلەماندا دەگرێتەوە، جا لە لایەنی حکومەت بێت یان لە لایەنی ئۆپۆزسیۆن، بە هێنانە ئارای بیرۆکەی نوێی خۆیان.

هەروەها ئەندامانی هەڵبژێردراوی پەرلەمان دەتوانن داواکاری دەنگدەرەکانیان لە پەرلەمان بخەنەڕوو بۆ ئەوەی لانی کەم جارێک لەم ئاستە بەرزەدا گوێیان لێ بگیرێت. بۆ نموونە ئەم خاڵانەی خوارەوە  لەسەر گۆڕینی دەستووری تورکیە:

**داننان بە گەلی کورد و ناسنامەی کورد لە دەستووردا**

**داننان بە زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی دووەم و فێرکردنی لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەدا**

**داننان بەو پێگەیەی کە گەلی کورد مافی خۆبەڕێوەبەری لە کوردستاندا هەیە**

## بەناو "دژی تیرۆری پەکەکە"، دانوستانەکانی ئەردۆغان لەگەڵ ناتۆ و سوید

لە دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی ئەردۆغان ئاماژگەلێک دیارە بۆ میانڕەوی. بەڵام ناتوانرێت هەمان شت لەبارەی ڕاسپاردنی هاکان فیدان بۆ پۆستی وەزیری دەرەوە بگوترێ، NZZبەهەمان شێوە دوای ماوەیەکی کەم لە ڕاگەیاندنەکەی بریاری دا.
"سەرۆکی دێرینی دەزگای نهێنی میت بە دانوستانکارێکی ئاست بەرز و بەئەزموون دادەنرێت کە پەیوەندییەکی بەرفراوانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا" هەیە. بەڵام فیدان بەرپرسیار بوو هەم لە پاڵپشتیکردنی شەڕی ئیسلامییە توندڕەوەکان لە سوریا و هەم لە ڕفاندنی ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا لە دەرەوەی وڵات. هەروەها لە نووسینگە نوێیەکەیدا، ئەگەری زۆرە کەمتر سەرنجی لەسەر یاسا بێت و زیاتر سەرنجی لەسەر بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بێت. وە ئەوەی ناوەرۆکی ئەم بەرژەوەندییانە چی دەبێت، لە داهاتوودا لەلایەن ئەردۆغانەوە پێناسە دەکرێت.”

فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا بەرپرسی دەزگای نهێنی میتی تورکیا بوو کاتێک لە ٩ی ژانویەی ٢٠١٣ سێ سیاسەتمەداری ژنی کورد لە پاریس تێرۆر کران کە بریتی بوون لە ساکینە جانسیز، فیدان دۆغان و لەیلا سەیلەمەز. ئەم دۆسیەیە لەلایەن پۆلیسی فەرەنسا بە چڕی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و بە شێوەیەکی بەرفراوان بانگەشەی بۆ کراوە.

ئەو ئیسلامییانەی کە پشتگیری تورکیا پێی گەیاندوون، "داعش"یش دەگرێتەوە. ڕێک وەک "داعش"، کە - بە عەقڵیەتی سەدەکانی یەکەمی ئیسلامەوە - بە شێوەیەکی بەربەریانە دەستی بەسەر بە بەشێک لە ناوچەکانی کوردستاندا گرت و بە شێوەیەکی دڕندانە خەڵکەکەیان چەوساندەوە و دواتر باجیان لێ وەردەگرتن. بە کوشتنی پیاو و کوڕ و کۆیلەکردنی ژنەکانی کۆمەڵێک کوردی (ئێزدی) و فرۆشتنیان لە بازاڕەکاندا ویستیان بەتەواوی جینۆسایدیان بکەن. ئەم تاوانانەی تەقریبەن دە ساڵ لەمەوبەری داعش هەرگیز بە تێپەڕینی زەمەن لە بیرناچنەوە.

## زیادبوونی پەیوەندی لە نێوان ناتۆ و تورکیەدا

ینس ستۆڵتنبێرگ، سکرتێری گشتیی ناتۆ، ئارەزووی پەیوەندی خێرا و چڕوپڕی لەگەڵ تورکیا دەکات. ناوبراو لە مەراسیمی دەستبەکاربوونی ئەردۆغان لە ئەنقەرە بەشداری کرد و یەکەم وتووێژیش لە کۆتایی ئەو هەفتەدا ئەنجام دا.
هەر کە وەزیری دەرەوە لە پۆستەکەیدا راگەیاندرا، وەزارەتەکەی بڵاویکردەوە کە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ هاوتا سویدییەکەیدا داوای "هەنگاوی کۆنکرێتی"ی لێکردووە بە مەبەستی "پاڵپشتیکردن بۆ پێشەوە" لە ئاراستەی پەسەندکردنی داواکارییەکەی سوید بۆ وەرگرتنی ئەندامێتی لە ناتۆ. لە پەیامەکەدا باس لە هەنگاوێکی کۆنکرێتی کرا، ئەویش دامەزراندنی "میکانیزمی گفتوگۆی هەمیشەیی" لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا بوو. دەوترێت ئەم وتووێژانە مامەڵە لەگەڵ ئەو هەڕەشە ئەمنیانەی پەکەکە و "گرووپەکانی دیکە" دەکەن. نەک هەر سوید بەڵکوو "وڵاتانی باکوور"ی دیکەش لەلایەن ئەنقەرەوە تۆمەتبارکراون بەوەی کە "تیرۆریستان"ی کورد داڵدە دەدەن و لە ڕادەستکردنەوەیان بە تورکیا دەیانپارێزن.

## هەوڵە جێی پرسیارەکانی ناتۆ - تورکیا دەبێت بەشداری هاوپەیمانی دژی شەڕی دەستدرێژی ڕووسیای پوتین بێت

نەک هەر ئەردۆغان و وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی، بەڵکو یێنس ستۆڵتنبێرگ سکرتێری گشتیی ناتۆش ئارەزووی پەیوەندی خێرا و چڕ و پڕ لەگەڵ تورکیا دەکات. ناوبراو لە مەراسیمی دەستبەکاربوونی ئەردۆغان بەشداری کرد و یەکەم وتووێژ لە کۆتایی هەفتەدا ئەنجامدرا.

تورکیا لە ساڵی ١٩٥٢ەوە ئەندامی ناتۆیە. ڕەنگە خولەکانی یەکەمی دانوستانەکانی ئەنقەرە لەگەڵ سکرتێری گشتی ناتۆ خزمەت بە ئاگادارکردنەوەی یەکتری لە دوایین پێشهاتەکانی بەرزترین ئاست لەم قەیرانەدا کردبێت. بەڵام سەرەڕای ئەوەش کۆبوونەوەیەکی بەپەلە بوو.

وەک دەزانرێت ناتۆ بەدوای هاوبەشێکدا دەگەڕێت کە بەهۆی شەڕی دەستدرێژیکردنەکەی پوتین بۆ سەر ئۆکرانیا بەبڕیارەوە پشتیوانی هاوپەیمانی سیاسی خۆیان بکەن لە دژی ڕووسیا. تورکیا، وەک ئەندامێکی ناتۆ، دیارە پابەند نییە بەو کارە و تا ئێستاش ئامادە نەبووە ئەو کارە بکات.

هاوپەیمانی سەربازیی ناتۆ تەنها وڵاتانی ئەندام پابەند دەکات بە پاراستنی یەکتر لە ئەگەری شەڕی دەستدرێژیدا. هێرشکردنە سەر یەک ئەندام وەک ئەوە وایە هێرش بکەیتە سەر هەموو. تەنها ئەمەیە کە پێی دەوترێت دۆسیەی ناتۆ.

## شەڕی دەستدرێژی نایاسایی ئەردۆغان دژی ڕۆژاڤا لە سوریا

بە سەرنجدان بەوەی کە تورکیا خۆی شەڕی دەستدرێژی دژی هەرێمێکی کوردی لە سوریای دراوسێ بەڕێوە دەبات، ئەم دەستپێشخەرییەی ناتۆ بە ناچاری پرسیاری زۆر دەوروژێنێت.

هەڵوێستی پێشووی ناتۆ لەم بارەیەوە - بێدەنگی بوو. ئەم هەڵوێستە زیاتر زیانی بە متمانەی هاوپەیمانی سەربازی گەیاند. ناتۆ لە خۆ وێناکردنەکاندا خۆی بە "بەهاتەوەر" وەسف دەکا.

**ئەگەر پارەیەکی زۆر برژێت، کەواتە دەبێت زۆر ئاشکرا بێت.**

دوای جەنگی جیهانی دووەم، پارەیەکی زۆر ڕژایە ناو تورکیا - وەک بەشێک لە پلانی مارشال - بەڵام سیاسەتی جینۆسایدی دەوڵەتی تورکیا لە دژی کەمینەی کورد لەو وڵاتە بەبێ وەستان لەو کاتەدا بەردەوام بوو.

بێگومان هەمیشە گۆڕانکاری لەم سیاسەتەدا هەبووە و هەندێک جیاوازی هەبووە، وەک ئێستا - لە پێوەند لەگەڵ دانانی وەزیرانی بەرەچەڵەک کورد. ئەمەش تەنیا بە شێوەیەکی ڕووکەش سیاسەتی ترسناکی بەرامبەر بە کورد لە تورکیا گۆڕیوە، هیچ گەرەنتییەک نییە کە بەردەوام بێت.

هێشتا ڕوون نییە کە ئایا ئەردۆغان بە نیازە ئاراستەیەکی نوێی(پێدانی ماف) بداتە وڵاتەکەی کە زۆرینەی نەتەوەیی تورکە، بە چەشنێک چارەنووسی ئەو کوردانەی ئەمڕۆ لە تورکیادا داوای دەکەن، لەخۆ بگرێت.

بەڵام هێشتا بەلەبەرچاوگرتنی ئاستەنگە ئابووری و داراییەکانی ئەو وڵاتە، باس لە ئیمتیازاتی دارایی گەورە بۆ تورکیا ناکرێ ئەوجۆرەی کە چاوەڕوان دەکرێت.

## ئەوەی ئایا سوید دەبێتە ئەندامی ناتۆ، هێشتا کراوەیە

دەرئەنجامی ئەم ناکۆکییە لەسەر پەیوەستبوونی سوید وەک ئەندامی ناتۆ کە ئێستا لە سەردەمی فیدان وەزیری دەرەوەدایە، هێشتا یەکلایی نەکراوەتەوە. ئەو داواکاریانەی تورکیا لە سویدی دەوێت و ئەو ئیمتیازانەی کە ئامادەیە بیدات، دیارە بە نهێنی دانوستانیان لەسەر دەکرێت

ڕوون نییە کەی دەتوانرێت چاوەڕوانی ئەنجامە ڕاستەقینەکان بکرێت. بەڵام بەو پێیەی دوو لایەن - سوید و سکرتێری گشتی ناتۆ - دەیانەوێت ئەنجامێکی پێشوەختە ئەنجام بدرێت، دەتوانرێت گریمانە بکرێت کە بەم زووانە ئەنجام بدرێت

لە مانگی تەممووزدا - لە لوتکەی داهاتووی ناتۆ لە ڤیلنیوسی پایتەختی لیتوانیا - بە دڵنیاییەوە هەواڵ لەسەر ئەو بابەتە دەبێت.

---------

**لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا – واتە لە ١٤ی ئایاردا - هەڵبژاردن لە تورکیا ئەنجام دەدرێت**

ئەم هەڵبژاردنە سەرنجی زۆری لە سەرانسەری جیهاندا ڕاکێشاوە. دیارە بۆ داهاتووی تورکیە گەلێک گرنگە. بەپێی ڕاپرسییەکان دوو لایەنیی ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کە تا ئێستاش سەرۆکایەتی حکومەت دەکات ( واتە ڕەوتی کۆنەپەرست-ئیسلامی ئاک پارتی لەگەڵ پارتی مەهەپە لەم دواییانەدا هاوپەیمانیەکی هاوبەشی ڕاستڕەو و توندڕەوی دامەزراند) ڕووبەڕووی هاوپەیمانییەکی نائاسایی ئۆپۆزسیۆن بووەتەوە. ئەمەش لەلایەن جەهەپەی کۆنەپەرستی سەدە ( واتە پارتی کۆماری) بە سەرۆکایەتی کەمال کلیچدارئۆغڵو کە وردە وردە توانیویەتی چەند لایەنێکی بچووک بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، ڕابەرایەتی دەکرێت.

## بانگەشەی هەڵمەتی سەختی هەڵبژاردن بۆ زۆرترین دەنگەکان

هەڵاوسان و گەندەڵی و دۆخی پەنابەران و گەورەترین بوومەلەرزەی سەدە و ئەوەی کێ تاوانبارە لەمەڕ ئەنجامە کارەساتبارەکانی، باسی سەرەکی ئەم هەڵبژاردنەیە. هەروەها باس لە ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگا لە ئاراداییە کە لە سەردەمی ئەردۆغاندا بەشێوەیەکی بەرچاو بەهێزتر بووە. هەروەها

پرسی گەڕانەوەی تورکیا بۆ پەرلەمانتاریزم کە بۆ زۆر کەس گرنگە، دوای ئەوەی ئەردۆغان لە ساڵی 2015 لەگەڵ هەوڵێکی کودەتا بەرەو ڕوو بوویەوە، بەپەلە سیستەمی سەرۆکایەتی وەک ئەڵتەرناتیڤێکی خۆسەپێن ناساند.

## ناساندنی سیستەمی خۆسەپێنانەی سەرۆکایەتی

فۆرمی نوێی حکومەت بە گوتەی زۆرێک لە ڕەخنەگران بە شێوەیەکی تادێت خۆسەپێنانە و لە کاتێکی نەگونجاودا هاتۆتە ئاراوە. ئەمەش دوای ئەوە هاتە ئاراوە کە ئەردۆغان ناچار بوو بەر بە هەوڵی کودەتاکە بگرێت، هەرچەندە تا ئێستا ڕوون نییە کە ئایا خۆی ئەو کودەتایەی ڕێکخستبوو یان نا. هەندێکی تریش بزووتنەوەی گولەنی پێ تاوانبار دەکەن. هەندێکی تر پەیوەندی ئەم پرسە بە گفتوگۆکان لەگەڵ نوێنەرانی کورد دەبینن کە زیاتر لە ٢ ساڵ بوو لە بەرزترین ئاستدا بەڕێوە دەچوو. ئەمانە شکستیان هێنا چونکە ئەردۆغان و سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتە، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو کۆتاییان بە وتووێژەکان هێنا. وەک ئەوە وابوو کە ئەم وتووێژانە لەناکاو بۆ سەرۆکی ئاک پارتی وەک ئاسنی داخ بێت. جێگای بیرکردنەوەیە کە سەرۆکی ئاکەپە لەناکاو تێگەیشت کە داهێنان و نوێگەری لەو ئاستەدا، زۆر بە خێرایی دەتوانێت کە حکومەتەکەی لە هەبوونی دەنگی زۆرینەی بێبەش بکات. لە هەر حاڵەتێکدا، دوای پچڕانی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی کورد، ئەردۆغان ئەو حیزبەی کردە هاوپەیمانی هاوبەشی کە زۆرترین دوژمنایەتیان لە بەرامبەر دانپێدانانی ناسنامەی کورد لە تورکیادا هەیە. هەروەها لەگەڵ مەهەپەی ئۆلترانەتەوەپەرست بەشداری لەم هەڵمەتی هەڵبژاردنەدا کردووە.

## ئاسنی داخی ئەردۆغان - سەقەت لەدایک بوونی تورکیا و سیاسەتی جینۆساید

١٠ ساڵی یەکەمی حوکمڕانی ئەردۆغان، بۆ ئەو و پارتی کۆنەپەرستی-ئیسلامی ئاکەپە ساڵانێکی نایاب بوو. دیارە لە دەستپێکردنی گفتوگۆکان لە بەرزترین ئاست هەستی بە بەهێزی کرد و ئەمەشی نەشاردەوە، هەرچەندە دەبێ زانیبێتی دەست لێدان لە کەموکوڕی لەدایکبوونی وڵاتەکەی هێشتا لە وڵاتەکەیدا تابۆیە.

لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابوردووی پاش دامەزرانی تورکیادا، تەنیا یەک سیاسەتمەداری دیکە پێش ئەردۆغان بوێری ئەوەی هەبووە ئەو کارە بکات. واتە تورگوت ئۆزال، دامەزرێنەری ئاناڤاتان (پارتی دایکی نیشتمان) و بانگەشەکەری دیاری هەڵبژاردنەکانی ئەو سەردەم، کە لە ساڵی ١٩٨٩ لەلایەن سوپای تورکیاوە هێنرایە سەر پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیا، هەم جەماوەری بوو و هەم ئەزموونی لە سیاسەتی تورکیادا هەبوو. پێش ئەو شەرەفەی کە سوپای تورکیا پێی بەخشیبوو، پێشتر دووجار وەک سەرۆکوەزیرانی تورکیا کاری کردبوو. تابۆ سیاسیەکانیش بەریان بە ئۆزال نە گرت.

ناوبراو لە ناکاو لە ساڵی ١٩٩٣ لە پۆستەکەیدا کۆچی دوایی کرد. خێزانەکەی دەڵێن ژەهرخوارد کرابوو.

چاوخشاندنێک بە مێژوودا: لە پەیمانی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠دا کورد لە مافە نەتەوەییەکانی بێبەش نەکرا، بژاردەی سەربەخۆیی بۆ داهاتوو ئاماژەی پێ کرا. لە ئەگەری پێوەلکاندنی ئەو بەشەی خاکی کوردستان بۆ خاکی دەوڵەتی تورکیا کە بڕیار بوو دابمەزرێت، بە ئاشکرا بەڵێنی ئۆتۆنۆمییان لە پەیماننامەی سیڤەردا پێدرا. بەڵام بەهۆی بەردەوامی شەڕەوە، پەیمانی سیڤەر ڕاگیرا. دوای کۆتایی هاتنی شەڕی تورکیا و یۆنان لە ساڵانی ١٩١٩-٢٢ دوو ساڵ دواتر، پەیمانی سیڤەر (١٩٢٠) لە ساڵی ١٩٢٣دا بە پەیمانی لۆزان جێگیرکرا.

لە بنەڕەتدا پەیمانی لۆزان دەرکردنی یۆنانیەکانی لە ئاسیای بچووک ڕێکخست و سنووری ئێستای نێوان یۆنان و تورکیای دیاری کرد. جگە لەوەش چەند بڕگەیەکی لەسەر مافی کەمینەکان لە تورکیا کە بڕیار بوو دابمەزرێنرێت، لەخۆگرتبوو. تێگەیەک کە بە شێوەیەکی نەریتی لە چکۆنتێکستی ئیسلامیدا بە مانای مەسیحی بەکاردەبرێت. ڕەنگە بەهۆی ڕۆحی زەمانەی شۆڕشگێڕانە و سادەیی، پەیمانی لۆزان ناوی کوردی نەهێنابێت. لە بەیاننامەیەکدا کە سەرۆکی وەفدی تورکیا خستویەتیە سەر تۆمارەکە، بەڕاشکاوی باسیان لەوە کراوە: "حکومەتی مەجلیسی نیشتمانیی گەورەی تورکیا هەروەک حکومەتی تورکەکانە، هەر واش حکومەتی کوردە". بەڵام ئەمری واقیع لە دەوڵەتی نوێی تورکیادا زۆر جیاواز بوو. شتێکی ترسناک لەسەر دەستی حکومەتی تورکیا بە سەرۆکایەتی کەمال ئەتاتورک لە ماوەی ١٥ ساڵی یەکەمدا سەریهەڵدا، کە - بە کورتکراوی - دەتوانین پێی بڵێین سیاسەتی جینۆساید. لە هەمان کاتدا ئاپاراتۆسی دەوڵەت کار لە سەر ئایدۆلۆژیای دەوڵەت دەکرد کە لە ناوچەکەدا بە تەواوی نوێ بوو. پڕئاشکرایە کە تورکیا وەک دەوڵەت نەتەوەیەک بە شێوازی ڕۆژئاوایی، هەموو دەرفەتەکانی سیاسەتی دەرەوەی خۆیشی بەکارهێنا بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە شوومە دژە کوردەکانی لە چوارچێوەی وڵاتەکەی خۆیدا.

## ئەگەر ئاوڕدانەوەیەک بەس نەبێت، لێکۆڵینەوە و بەڵگەنامەیەکی زۆر لەبەر دەستایە

جگە لەوەی کە گەلێک سیاسەتی کۆمەڵکوژیی هاوبەش لە دەیەکانی یەکەمدا، وەک بەکارهێنانی وشەی تورکە کێویلە بۆ کورد، قەدەغەکردنی قسەکردن بە زمانی کوردی لەبەردەم خەڵکدا، یان ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییە زۆرانەی تورکیا لە ناوچە کوردنشینەکاندا بە بەشێکی زۆر ترسناکەوە لە قوربانی ئینسانی و لەناوبردنی بژێوی ژیان (کە لە ساڵانی هەشتاکان/نەوەدەکاندا سەرلەنوێ ئەو سیاسەتانە دژی کورد بەڕێوەچوون)، ڕێوشوێنی زیاتریش لەم بارەوە لەبەر گیران. پێویستە باس بکرێت بۆ ئێستاش هێشتنەوەی زمانی کوردی لە سیستمی قوتابخانەی گشتی تورکیا و ئەو ڕاستییەی کە مرۆڤەکان تەنیا لەو کاتەدا دەتوانن لەگەڵ ناسنامەی نەریتی کوردی خۆیان لە تورکیادا بژین کە دەبێت ئامادەبن تووشی شتی ترسناک ببن، لەوانە: گومانی تیرۆر، دەستگیرکردن و لێپرسینەوە.

## چی دەتوانێت بگۆڕێت و چۆن؟

بەداخەوە لە ئێستادا هیچ وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارانە لەبەردەستا نییە و ڕەنگە دوای هەڵبژاردنەکانیش نەبێت. بەڵام بە پەیڕەوکردنی پڕەنسیپە دیموکراتیکەکان – لەسەربنەمای باشترین زانیاری و ویژدان - ئەوەی بە ئەوپەڕی گرنگی دەزانین و چیتر ناتوانرێت بێ دەنگەی لێبکرێت، لە ڕوانگەی خۆمانەوە دەیخەنیە بەرباس. پێویستە نیازپاکی و ئیرادەیەکی باشتر لە نێوان مرۆڤەکان و ئیرادەیەکی بەهێزتر و باشتر بۆ کورد هەبێت. ڕێبازێکی ئایدیال ئەوەیە کە کارکردن لە سەر ئەم پرسە و دەرئەنجامەکانی بە ڕوانگەیەکی داهاتووتەوەر بخریتە بەرباس. کێ توانای ئەوەی هەیە؟ دەکرێت ئەوە نەتەوە یەکگرتووەکان بێت. بۆ دەستپێکردن، ئەمە دەتوانێت دامەزراوەیەک بێت کە لەلایەن هەندێک دەوڵەتی بەرپرسیارەوە دروستکرابێت و ڕاسپێردرابێت.

**لەگەڵ ڕێزو سڵاو**

**دامەزراوەی جەمال نەبەز**


**کۆنتاکت**

Telefon: +49 (0) 30 86 12 653 I Fax: +49 (0) 30 86 15 706


خۆشحاڵ دەبین گەرئێوە هەواڵنامەکەمان لە ڕێگەی ماڵپەرەکەمان https://www.jemal-nebez-stiftung.org/ یان لە ڕێگەی ئیمەلی خوارەوە ئابوونە بکەن: info(at) jemal-nebez-stiftung.org